## خزمەتگوزارییەکانی SMG
## سیاسەتی جیهانی بۆ پاراستنی نهێنی

ڕێکەوتی کارپێکردن: ئازاری 2018

ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنە بە کار دەهێنرێت لە پرۆسێسکردنی ئەو داتا شەخسیەی کە کۆ دەکرێتەوە لەڕێگەی ئەم ماڵپەڕە و ماڵپەڕەکانی تر، خزمەتەکان و ئەپەکان، لەوانە ئەپی مۆبایل، کە لەنێویاندا ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنە بڵاو کراوەتەوە، لینکی دانراوە یان ئاماژەی پێکراوە، (بەگشتی، «**خزمەتگوزارییەکانی SMG**»). «داتای شەخسی» واتە زانیاریی پەیوەست بە کەسێکی ئاسایی کە ناسراوە یان دەکرێت بناسرێتەوە. خاوەن وە/یا جێبەجێکەری خزمەتگوزارییەکانی SMG بریتیە لە Management Group, LLC، Service Management Group Limited، Service Management Group GK، و ڕێکخراوە وابەستەکانی هەریەک لەوان (بەگشتی، «**SMG**» یان «ئێمە»). ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنە ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە چۆن داتای شەخسیی تۆ کۆ دەکەینەوە و پرۆسێسی دەکەین.

بەوردی ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە بخوێنەوە. داتای شەخسیی تۆ بەو شێوازەی کە لەنێو ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیەدا ڕوون کراوەتەوە کۆ دەکرێتەوە و لێک دەدرێتەوە.

ئەگەر مەرجەکانی خزمەتگوزاری SMGـت نەخوێندووەتەوە، بیخوێنەوە، چونکە ئەمە ئەو مەرجانە ڕووندەکاتەوە کە دانراون بۆ کەڵکوەرگرتنی تۆ لە ماڵپەڕەکان، ئەپەکان، خزمەتەکان و ئەپە مۆبایلکەنمان («خزمەتگوزارییەکانی SMG»).

**ئەگەر تۆ هەر بەشێک لەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە یان مەرجەکانی خزمەتگوزارییەکە قەبووڵ ناکەیت، هیچیەک لە خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار مەهێنە.**


1. **گۆڕانکاری لە سیاسەتی پاراستنی نهێنیدا**
2. **جۆرەکانی داتای شەخسی کە لەلایەن SMG-ەوە پرۆسێس دەکرێن**
3. **ئێمە چۆن زانیاری کۆ دەکەینەوە و ئامانجی پرۆسێسکردن چیە**
4. **بنەما یاساییەکان بۆ پرۆسێسکردن**
5. **ئێمە چۆن داتای شەخسی بە کار دەهێنین و هاوبەشی دەکەین**
6. **هەڵکردن و لەناوبردنی داتای شەخسی**
7. **مافەکان و بەڕیارەکانی تۆ لەبارەی پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت**
8. **کاریگەری و دەرئەنجامەکانی پێنەدانی داتای شەخسی**
9. **سیاسەتی کووکی**
10. **بەڕێوەبردنی زانیاریەکانی ئەکاونتەکەت**
11. **سیاسەتی پاراستنی نهێنیەکانی منداڵان**
12. **لینکی خزمەتگوزارییەکانی لایەنی سێیەم**
13. **پاراستنی زانیاری**
14. **لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە جوگرافیەکان و گواستنەوەی داتای شەخسی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر**
15. **چۆن پەیوەندیمان پێوە بکەیت**
16. **کۆنترۆڵکەری داتا و بەرپرسی پاراستنی داتا**


### 1. گۆڕانکاری لەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیەدا

ئێمە ناوبەناو ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە نوێ دەکەینەوە و هەندێ گۆڕانکاری دەکەین کە لەسەر ئەم یاساسەتی پاراستنی نهێنیە کاریگەری دادەنێن، وەک زێدەکردنی خزمەتگوزارییەکە و ئەپی نوێ، باشترکردنی خزمەتەکانمان، و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاری لە تەکنەلۆجیەکان و یاساکاندا. ڕێکەوتی کارپێکردنی ئەم سیاسەتە، کە لە لای سەرەوەی ئەم پەڕەی وێبەدا دیاریکراوە، واتە ئەو ڕۆژەی کە ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە دوایینجار نوێ کراوەتەوە. ئەگەر ئەم گۆڕانکاریانە گرنگ بن، SMG تۆ ئاگادار دەکاتەوە، و ئەگەر یاسای پەیوەندیدار فەرزی بکات، ئێمە ڕەزامەندیی تۆ وەردەگرین. بۆ ئاگادارکردنەوەی تۆ، ئێمە ئاگاداری دەربارەی گۆڕانکاریەکان لەسەر ماڵپەڕی خۆمان یان لەڕێگەی ئەپەکانی خۆمانەوە بڵاو دەکەینەوە.

### 2. جۆرەکانی داتای شەخسی کە لەلایەن SMG-ەوە پرۆسێس دەکرێن

SMG توێژینەوەی بازاڕ ئەنجام دەدات بە نوێنەرایەتی ئەو کۆمپانیانەی کە دەیانەوێت باشتر تێبگەن لە خواست و بڕیارەکانی بەکاربەر لەبارەی کالا و خزمەتەکانیان. ئەم کۆمپانیانە «**مشتەری**»ی ئێمەن. ئێمە بە نوێنەرایەتیی مشتەریەکانمان لێکۆڵینەوە دەکەین (بەگشتی، «**لێکۆڵینەوە**») و زانیاریی کۆکراو بە کار دەهێنین بۆ پەیبردن بە بیروڕا

و بۆچوونی بەکاربەر، لەوانە لە کوێ، کەی و چەند وەخت جارێک بەکاربەرەکانی سەردانی شوێنەکانی فرۆشتن دەکەن و لە ماوەی سەردانەکانیاندا ئەزموونیان چۆنە.  کاتێک تۆ لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەشداری دەکەیت یان خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار دەهێنیت، ئێمە ئەو داتا شەخسیە کە خۆت دڵخواز دەیدەیت بە ئێمە کۆ دەکەینەوە.

ئەو داتا شەخسیە کە ئێمە کۆی دەکەینەوە بریتییە لە: (1) داتای پەیوەندی (وەک ناونیشانی ئیمەیل، ژمارە تەلەفۆن، و خاوەنکار)؛ (2) داتای مرۆڤناسی (وەک ڕەگەز، ڕۆژی لەدایکبوون، و زیپکۆد)؛ (3) وەڵامەکانی تۆ لە ڕاپرسییەکاندا، تا ڕادەیەک کە زانیاریەکان دەبنە هۆی ناسینەوەی تۆ یان پەیوەندییان بە تۆوە هەیە وەکوو تاکە کەسێک کە دەکرێت بناسرێتەوە؛ و (4) زانیاریی پەیوەندیدار بە کەڵکوەرگرتنی تۆ لە خزمەتگوزارییەکانی SMG («داتای بەکارهێنان»).

ئەو داتای بەکارهێنانە کە ئێمە کۆی دەکەینەوە بریتیە لە:  (1) ناونیشانی IP؛ (2) سێرڤێری دۆمەین؛ (3) جۆری ئەو ئامێرانەی کە بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتەکان بە کار دەهێنرێن؛ (4) ئامار و زانیاریی پەیوەست بە دانوستانی نێوان وێبگەڕ یان ئامێری تۆ و سێرڤەرەکان، وەکوو مۆدێلی ئامێر، کۆمپانیای مۆبایل/تۆڕی مۆبایل، زانیاریی تەمەنی باتری بۆ باشترکردنی شێوازی کۆکردنەوەی نموونەی شوێن لەسەر بنەمای ئەو تەمەنی باترییەی کە ماوە، ئاماری بنەڕەتیی بەکارهێنان لەبارەی ئامێرەکەت؛ (5) داتای دەستبەجێی GPS یان داتای دیکەی شوێنی جوگرافیایی، کاتێک تۆ ڕێگەمان پێ دەدەیت کە لەڕێگەی ڕێککردنەکانی شوێنی ئامێرکەت (یان ڕێککردنە هاوشێوەکانی)ـەوە زانیاری وەربگرین؛ (6) لێکدانەوەی ئەو ماڵپەڕە یان سەرچاوەی دیکە کە لەڕێیەوە تۆ دەستت بە خزمەتەکان گەیشتووە.    کاتێک تۆ لە ڕاپرسی سەرهێڵدا بەشداری دەکەیت، ئێمە چەند زانیاریی تایبەت لەبارەی ئامێرەکەت کۆ دەکەینەوە بۆ مەبەستی دۆزینەوە و ڕێگرتن لە ساختەکاری.

### 3.   ئێمە چۆن زانیاری کۆ دەکەینەوە و ئامانجی پرۆسێسکردن چیە

ئێمە ئەو زانیاریانەی کە خۆت پێمانی دەیدەیت یان لە ئاکامی کەڵکوەرگرتنی تۆ لە خزمەتگوزارییەکانی SGM دەستمان دەکەوێت کۆ دەکەینەوە و پرۆسێسیان دەکەین.  ئەو زانیاریانەی کە کۆیان دەکەینەوە و شێوازی پرۆسیسکردنیان وابەستە یە بە چۆنیەتی دەستگەیشتنی تۆ بە خزمەتگوزارییەکانی SMG و بەکارهێنانیان لەلایەن تۆوە.

**لە خۆت.**  ئێمە لەم کاتانەی خوارەوەدا لە خۆت زانیاری وەردەگرین:

- **کاتێک وەڵامی ڕاپرسییەک دەدەیتەوە:** ئێمە ئەو زانیاریانە کۆ دەکەینەوە کە تۆ لە وەڵامی پرسیارەکان لەبارەی ئەزموون و بڕیارەکانت وەکوو بەکاربەر پێشکەشی دەکەیت.  ئێمە ڕەنگە ئەو زانیاریانەی کە لە وەڵامی ڕاپرسیدا وەریاندەگرین تێکەڵ بکەین لەگەڵ ئەوزانیاریانەی کە لە مشتەریەکانمان وەریاندەگرین، بۆ نموونە لەگەڵ زانیاری لەبارەی بەشداریکردنی تۆ لە بەرنامەکانی وەفاداریی مشتەریەکانمان، بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین لە ئەزموونکانی تۆ وەکوو بەکاربەر.  هەروەها ڕەنگە ئەو زانیاریانەی کە لە وەڵامەکانی تۆ بە ڕاپرسیکان دەستمان دەکەون تێکەڵ بکەین لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە لە بەکارهێنەرانی تر وەریان دەگرین بۆ ئەوەی باشتر لە ئەزموونی بەکاربەرەکان، بەگشتی، تێبگەین.  کاتێک وەڵامی ڕاپرسییەک دەدەیتەوە، ئەو زانیاریانەی کە پێمانی دەدەیت بە کار دەهێنرێن لە ڕاپۆرتەکان و لێکدانەوەکانی تری ئەزموون و بڕیاکانی بەکاربەرەکانمان بۆ مشتەریەکانمان یان بۆ هەر مەبەستێکی تر کە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاریدا بە تۆی دەڵێین.  ئەگەر ناتەوێت زانیاریەکانت لەم ڕاپۆرت و لێکدانەوانەدا، یان بۆ هەر مەبەستێکی تر کە پێت وتراوە بە کار بهێنرێن، دەتوانیت وەڵامی ڕاپرسیکە نەدەیتەوە.

- **کاتێک خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار دەهێنیت.** کاتێک تۆ لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی SMG دانوستان دەکەیت ئێمە لەڕێگەی بەکارهێنانی کووکی و ئامرازەکانی تری کۆکردنەوەی داتاوە، بە شێوەی ئۆتۆماتیک داتای بەکارهێنان کۆ دەکەینەوە.  ئێمە لەم داتای بەکارهێنانە کەڵک وەردەگرین بۆ ئاسانکردنەوەی پەیوەندی لەنێوان ئامێرەکەتت و سیستەمەکانمان، ئەنجامدانی ڕاپرسی، دڵنیابوون لە دروستیی ڕاپرسی، دۆزینەوە و ڕێگرن لە ساختەکاری، ئەنجامدانی توێژینەوەی بازاڕ، بەڕێوەبردن و باشترکردنی ماڵپەڕ و ئەپەکانمان، و لێکدانەوەی شێوازی بەکارهێنان و باشترکردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی SMG. بۆ زانیاریی زۆرتر لەبارەی ئەوەی کە چۆن و بۆچی کووکی و ئامرازە هاوشێوەکانی کۆکردنەوەی داتا بە کار دەهێنین، لەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیەدا، بەشی «سیاسەتی کووکی» بخوێنەوە.

- **کاتێک لە وەختی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی SMGدا داتای شەخسیت دەدەیت پێمان:** هەرکات هاوپەیوەند لەگەڵ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی SMG داتای شەخسیت دەدەیت پێمان، بۆ نموونە کاتێک پەیوەندیمان پێوە دەکەیت بۆ داوای یارمەتی یان زانیاری کردن یان ڕاگەیاندنی بیروڕات لەبارەی ئەزموونت لەگەڵ یەکێک لە مشتەریەکانمان، ئێمە ئەو زانیاریەی کە تۆ پێشکەشی دەکەیت کۆ دەکەینەوە و لێکی دەدەینەوە.    کاتێک بیروڕات دەدەیت بە SMG، ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشی دەکەیت یارمەتیمان دەدەن لەو خزمەتگوزاریانەدا کە دابینیان دەکەین بۆ مشتەرەکانمان و لە ڕاپرسیی بازاڕماندا بەگشتی.  دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی تۆ، بیروڕات لە ماڵپەڕی TrumpetRatings.com و/یا ماڵپەڕەکانی مشتەریەکانماندا بڵاو دەکرێتەوە.  کاتێک ئەم زانیاریانە بڵاو دەکرێنەوە لە مەکۆ گشتیەکان، بۆ نموونە لە

TrumpetRatings.com یان لەو ماڵپەڕانەی کە خەڵک بە گشتی دەستیان پێی دەگات، ئەم زانیاریانە دەبنە زانیاریی گشتی. ئەو شتانەی کە تۆ دەینووسیت ڕەنگە لایەنی سێیەم بیانبینێت یان کۆیان بکاتەوە و بەکاریان بهێنێت بە شێوازگەلێک کە ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵ یان پێشبینییان بکەین.

- **کاتێک لەڕێگەی میدیا کۆمەڵایەتیەکانەوە دەستت بە خزمەتگوزارییەکانی SMG دەگات:** ڕەنگە SMG ئەو دەرفەتەت پێ بدات کە خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی (بەگشتی، «**میدیا کۆمەڵایەتیەکان**») بە کار بهێنیت بۆ دەستگەیشتن بە هەندێ لە خزمەتگوزارییەکانی SMG. کاتێک بڕیار دەدەیت لەڕێگەی میدیا کۆمەڵایەتیەکانەوە دەستت بە خزمەتگوزارییەکانی SMG بگات، بە پشتبەستن بە ڕێکخستنی پاراستنی نهێنیەکانت، ڕەنگە SMG دەستی بە ئەو زانیاریانە بگات کە تۆ داوتە بە پلاتفۆرمی میدیای کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە، ناو، ناونیشانی ئیمەیل، وێنەی پرۆفایل، پۆستەکان، لێدوانەکان و ئەو زانیاریانەی تر کە پەیوەستن بە ئەکاونتی تۆ لە میدیای کۆمەڵایەتی. ئێمە ڕەنگە لەم زانیاریانە کەڵک وەربگرین بۆ هەر مەبەستێک کە لەنێو ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیەدا دیاری کراوە و بۆ هەرم مەبەستێکی تر کە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا بە تۆ ڕاگەیەندراوە. ئەگەر ناتەوێت میدیایەکی کۆمەڵایەتی زانیاریەکانت بدات بە SMG، نابێ ئەکاونتەکانت لە میدیا کۆمەڵایەتیەکان بە کار بهێنیت بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی SMG.

**لە مشتەریەکانمان.** لە هەندێ لە بەرهەم و خزمەتەکانماندا، ڕەنگە مشتەریەکانمان زانیارمان بۆ بنێرن لەبارەی دانوستانی تۆ لەگەڵ براندەکان، بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانی ئەوان، و بەشێک لەم زانیاریانە ڕەنگە پەیوەندی هەبێت بە هەر بەرنامەیەکی وەفاداری کە تێدا ناوت تۆمار کردووە و هەروەها زانیاری لەبارەی دانوستانی تۆ لەگەڵ مشتەریەکانمان. ڕەنگە ئێمە ئەم زانیاریانە لەگەڵ ئەو زانیاریانەی تر کە کۆیان دەکەینەوە تێکەڵ بکەین بۆ ئەوەی توێژینەوەی بازاڕ و هەروەها ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بۆ مشتەریەکانمان دابینی دەکەین باشتر و باشتر بکەین.

4. **بنەما یاساییەکان بۆ پرۆسێسکردن**

4.1. کاتێک وەڵامی ڕاپرسییەک دەدەیتەوە یان خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار دەهێنیت، ئێمە داتای پەیوەندی، داتای مرۆڤناسی، و وەڵامەکانی تۆ بە ڕاپرسیکە پرۆسێس دەکەین. ئێمە ئەم داتا شەخسییانە پرۆسێس دەکەین لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە ڕەواکانی مشتەری بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی مشتەریەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانی باشتر بکات لەپێناوی بەرژەوەندیی مشتەریەکانی و بازرگانی خۆی، و هەروەها لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ڕەوای SMG بۆ باشترکردنی بەرهەمەکان، خزمەتگوزارییەکانی و توێژینەوەی بازاڕی SMG و دابینکردنی ئەو یارمەتی و زانیاریانەی کە مشتەری داوایان دەکات.

4.2. کاتێک وەڵامی ڕاپرسییەک دەدەیتەوە یان خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار دەهێنیت، ئێمە داتای پەیوەندی، داتای بەکارهێنانی تۆ پرۆسێس دەکەین. ئێمە داتای بەکارهێنانی تۆ پرۆسێس دەکەین لەسەر بنەمای بڕیاری تۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسی، ڕەزامەندیی تۆ بۆ ئەوەی SMG کووکی و تەکنەلۆژیەکانی تری کۆکردنەوەی داتا بە کار بهێنێت. بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕەزامەندیت دەتوانیت پەیوەندی بە بەرپرسی پاراستنی داتاوە بکەیت، لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیل بۆ privacyofficer@smg.com یان ناردنی نامە بۆ Data Protection Officer, Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108.

4.3. هەروەها، بەگوێرەی ڕێککردنەکانی پاراستنی نهێنیت، ڕەنگە ئەو زانیاریانەی کە تۆ لە پلاتفۆرمەکانی میدیا کۆمەڵایەتیەکان بڵاوی دەکەیتەوە پرۆسێس بکەین، کاتێک خزمەتگوزارییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و خزمەتگوزارییەکانی SMG پێکەوە بە کار دەهێنیت. ئێمە ئەم زانیاریانە پرۆسێس دەکەن بەپێی ئەو ڕەزامەندیەی کە تۆ لە ڕێککردنەکانی پاراستنی نهێنیتدا دەیدەیت بە خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی. بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕەزامەندیت دەتوانیت ڕێککردنەکانی پاراستنی نهێنیت بگۆڕیت بە جۆرێک کە ئیتر ڕێگە نەدەیت ئێمە دەستمان بە داتای تۆ لە میدیا کۆمەڵایەتیەکان بگات.

4.4. ئێمە ئەو زانیاریانە پرۆسێس دەکەین کە لە مشتەریەکانمان وەرمانگرتووە سەبارەت بە دانوستانی تۆ لەگەڵ براندەکان، بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانی ئەوان. ئێمە ئەم زانیاریانە پرۆسێس دەکەین بەپێی بەرژەوەندیە ڕەواکانی SMG و مشتەریەکانی SMG، لەوانە بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی SMG و مشتەریەکانمان و هەروەها پەرەپێدانی توێژینەوەی بازاڕی SMG.

5. **ئێمە چۆن داتای شەخسی بە کار دەهێنین و هاوبەشی دەکەین**

شێوازی بەکارهێنان و هاوبەشکردنی ئەو زانیاریانەی کە کۆی دەکەینەوە یان تۆ پێمانی دەدەیت بەسراوە بەوەی کە تۆ چۆن کەڵک لە خزمەتگوزارییەکانی SMG وەردەگریت یان چۆن دەستت پێیان دەگات. هەرکات یاسا بە پێویستی بزانێت، SMG پابەند دەبێت بە داواکاریی تۆ بۆ ئەوەی ئیتر داتای شەخسیت نەدرێت بە هیچ لایەنێکی سێیەم.

- **پەیوەندیکردن لەگەڵ تۆ.** داتای شەخسیت بەپێی پێویست بە کار دەهێنرێت بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندیمان و ئاڵوگۆڕی زانیاریمان لەگەڵ تۆ لەڕێگەی نامە، تەلەفۆن، ئیمەیل، ئاگاداریی مۆبایل، و کورتەنامە. مەگەر وەڵامدەری ڕاپرسی داوای پەیوەندی بکات، دەنا SMG پەیوەندی بە ئەوەوە ناکات بێجگە لەو حاڵەتانەی کە پێویستە پەیوەندی بکرێت بۆ دڵنیابوون لە دروستی ڕاپرسی، گەیاندنی ڕاپرسی، پێدانی پاداشت یان بەرژەوەندی بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسی، یان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری مشتەری. هەرچەند خودی SMG داتای شەخسیت بۆ مەبەستی بازاڕگەریی ڕاستەوخۆ بە کار ناهێنێت، پێویستە تۆ سیاسەتی پاراستنی نهێنی ئەو کلایەنتە بخوێنیتەوە کە ئێمە داتای شەخسیت بۆ ئەو کۆ دەکەینەوە تاوەکوو بزانیت ئایا ئەو کلایەنتە داتای شەخسیت بۆ مەبەستی بازاڕگەری بە کار دەهێنێت یان نە. لەوانە ئێمە داتای شەخسیت بدەین بە ئەو دابینکەرانەی خزمەتگوزارییەکە کە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ تۆ یارمەتیمان دەدەن.

- **جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە تۆ داوایان دەکەیت.** ڕەنگە ئێمە داتای شەخسیت بە کار بهێنین و هاوبەش بکەین تاوەکوو ئەو خزمەتەی کە داوای دەکەیت یان ئەو کارەی کە دەستی پێ دەکەیت جێبەجێ بکەین، بۆ نموونە کاتێک تۆ زانیاری و ماتریاڵ لەنێو تەختەکانی پەیام، مەکۆکان، یان لە لاپەڕەکانی میدیا کۆمەڵایەتیەکان دادەنێیت. جیا لەمە، هەرکات ڕێگەمان پێ بدەیت، ڕەنگە داتای شەخسیت بدەین بە لایەنی تر بۆ ئەوەی تۆ بناسێنێت بە هەر کەسێک کە تۆ لەڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی SMGـەوە پەیوەندیی پێوە دەکەیت. هەروەها، ڕەنگە ئێمە داتای شەخسیت بە کار بهێنن و بدەین بە لایەنی سێیەم بۆ ئەوەی پاداشتت پێ بدەین یان ئەو بەرژوەندییانەت بۆ دابین بکەین کە لە ئاکامی بەشداریکردن لە ڕاپرسیدا داوات کردووە یان بە دەستت هێناوە. ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت کە لە تیروپشک یان هەوڵێکی ڕێکلامی دیکەدا بەشداری بکەیت، ئێمە زانیاریەکانت دەنێرین بۆ ئەو لایەنی سێیەمە کە ئەو هەوڵە ڕێکلامیە بەڕێوە دەبات، بۆ ئەوەی بتوانن وەڵامی پرسیارەکانت بدەنەوە یان پەیوەندیت پێوە بکەن سەبارەت بە ئەو پاداشتەی بە دەستت هێناوە یان هەر بابەتێکی تر کە پەیوەندیی بە هەوڵە ڕێکلامیەکەوە هەیە.

- **لێکدانەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی SMG و باشترکردنیان.** ئێمە داتای شەخسی کۆکراو لەڕێگەی کووکی و ئامرازەکانی تری کۆکردنەوەی داتا بە کار دەهێنین بۆ لێکدانەوەی شێوازی بەکارهێنان، دۆزینەوەی ساختەکاری، و باشترکردنی کارایی خزمەتگوزارییەکانی SMG. ئێمە خزمەتگوزارییەکانی لێکدانەوەی ماڵپەڕ کە لایەنی سێیەم دابینیان دەکات بە کار دەهێنن بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کە چۆن هەر تاکەکەسێک خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار دەهێنێت، لەوانە، بۆ تۆمارکردنی کلیکی ماوس، جووڵانی ماوس، سکرۆڵ کردن، و ئەو تێکستەی کە تۆ لەنێو خانەکانی تێکستی ئازاددا تایپی دەکەیت. ئێمە ئەو زانیاریانەی کە لەم لایەنە سێیەمانە وەرگیراون بە کار دەهێنین بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین کە بەکارهێنەرانی ئێمە چۆن خزمەتگوزارییەکانی SMG دەدۆزنەوە و بە کاریان دەهێنن، هەروەها بۆ ئەوەی خزمەتەکانمان پەرە پێ بدەین، و ئەزموونی ئێوەی بەکارهێنەریش باشتر بکەین.

- **هاوبەشکردنی داتا لەگەڵ دابینکەرانی تری خزمەت.** ڕەنگە ئێمە زانیاریەکانی تۆ، لەوانە داتای شەخسیت، بدەین بە ئەو دابینکەرانەی تری خزمەتگوزارییەکە کە کەڵکیان لێوەردەگرین بۆ ئەنجامدانی هەندێ کار وەکوو هۆستینگ، خەزنکردنی داتا، و ئاسایش. هەروەها، ڕەنگە، هەرکات بۆ بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی تری SMG پێویست بێت، داتای شەخسیت بدەین بە لایەنێکی تر، بۆ نموونە بۆ هەڵسەنگاندن و پلەبەندیی ئەو ماڵپەڕانەی کە ئێمە بەڕێوەیان دەبەین.

- **هاوبەشکردنی داتا لەگەڵ مشتەریەکان.** ئەگەر تۆ خزمەتگوزارییەکانی SMG بە کار بهێنیت بۆ بەشداریکردن لە ڕاپرسییەک لەبارەی ئەزموونت وەکوو بەکاربەری خزمەتگوزارییەکانی یەکێک لە مشتەریەکانی ئێمە، ئەوا ئێمە ئەو داتای شەخسیەی کە لە تۆ و سەبارەت بە وەڵامەکانی تۆ دەربارەی ئەو مشتەریە کۆی دەکەینەوە دەدەین لایەنی پەیوەندیدار. هەروەها ڕەنگە ئێمە داتای شەخسی بە کار بهێنین بۆ توێژینەوەی بازاڕ و لێکدانەوەی ڕەفتاری بەکاربەران و پاشان دانی ئەم زانیاریانە و ڕێنمایی بازرگانیی بە مشتەریەکانمان. ئەگەر دەتەوێت بزانیت ئەو مشتەریەی کە ئێمە داتای شەخسیت بۆ ئەو کۆ دەکەینەوە چۆن داتای شەخسی بە کار دەهێنێت، دەپارێزێت یان بە هەر شێوەیەک پرۆسێس دەکات، سیاسەتی پاراستنی نهێنیی ئەو مشتەریە بخوێنەوە. ئێمە و مشتەریەکانمان هەروەها چەند جۆر زانیاری تێکەڵ دەکەین، لەوانە ئەو داتا شەخسیە کە ئێمە، مشتەریی ئێمە یان لایەنی سێیەم لە تۆی وەرگرتووە یان لەبارەی تۆ کۆی کردووەتەوە. ڕەنگە SMG زانیاریی تێکەڵکراو بۆ هەرکام لەو مەبەستانەی کە لەنێو سیاسەتی پاراستنی نهێنیدا دیاری کراوە بە کار بهێنێت، و ڕەنگە مشتەریەکانی ئێمە زانیاریی تێکەڵکراو بۆ هەرکام لەو مەبەستانەی کە لەنێو سیاسەتی پاراستنی نهێنیی ئەواندا دیاری کراوە بە کار بهێنن.

- **پابەندبوون بە ئەرکە یاساییەکان و جێبەجێکردنی مافە یاساییەکان.** هەروەها، بەپێی پێویست، ڕەنگە ئێمە زانیاریی کۆکراوی تۆ بە کار بهێنین بۆ جێبەجێکردنی مافەکانمان، پاراستنی مڵکمان یان پاراستنی ماف، مڵک یان سەلامەتی کەسانی تر، یان، بەپێی پێویست، بۆ پاڵپشتی لە هەنگاوە دەرەکیەکانی پشکنین، پابەندیی یاسایی، و بەڕێوەبردنی کۆمپانیا. هەروەها، هەرکات بە پێویستی بزانین داتای شەخسی ئاشکرا دەکەین بۆ وەڵامدانەوەی بانگهێشتنامەی دادگا، فەرمانی ئیلزامی دەسەڵاتی پاراستنی داتا یان دادوەر، پرۆسەی یاسایی، داواکاریی حکوومی یان بۆ بەجێهێنانی هەر ئەرکێکی یاسایی یان ڕێسایی دیکە، و لە هەرکام لەم بوارانەدا ڕەنگە ئەو ڕێکخراوە کە داتای پێدەدرێت لە دەرەوەی وڵاتی نیشتەجێبوونی تۆ بێت. هەروەها، ڕەنگە داتای شەخسی ئاشکرا بکەین بۆ وەرگرتنی ئەو چارەسەر و قەرەبووانەی کە هەن یان بۆ کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی ئەو زیانانەی کە ڕەنگە بە ئێمە بگەن.

- **گواستنەوەی داتا لە پەیوەند لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی کۆمپانیا.** ڕەنگە ئێمە زانیاری لەبارەی تۆ، لەوانە داتای شەخسیت، بگوازینەوە بۆ مەبەستی هەر حاڵەتێکی گۆڕینی پێکهاتەی کۆمپانیا، تێکەڵکردنی چەند کۆمپانیا، فرۆشتن، وەبەرهێنانی هاوبەش، ڕاسپاردن، گواستنەوە، کڕین یان گۆڕانکاریی دیکە لە خاوەنیەتی SMG یان کۆمپانیای وابەستەی (چ هەمووی بێت چ بەشێکی)، لەوانە لە کاتی مایەپووچی یان هەر پرۆسەیەکی یاسایی هاوشێوەی. هەر ڕێکخراوێکی لەم چەشنە کە ئێمە داتای شەخسیی تۆی بۆ دەنێرین پێویستە تۆ ئاگادار بکاتەوە لە هەر مەبەستێکی بەکارهێنانی داتا کە ناگونجێت لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کە لەنێو ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیەدا دیاری کراوە، و هەروەها دەبێ تۆ ئاگادار بکاتەوە لە هەر کردارێکی پاراستنی نهێنی کە جیاوازیی ئەوتۆی هەیە لەگەڵ ئەو کردارانەی کە لەنێو ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیەدا دیاری کراون. لە هەرکوێ یاسا بە پێویستی بزانێت، دەبێ ئەم ڕێکخراوانەیش ڕەزامەندیی تۆ وەربگرن.

- **بەکارهێنانی داتای شەخسی بۆ مەبەستە بازرگانیەکانی تر.** ئێمە هەروەها داتای شەخسیی تۆ بە کار دەهێنین بۆ مەبەستە بازرگانیە ڕەواکانی تر، وەکوو پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکە و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی SMG.

6. **هەڵگرتن و لەناوبردنی داتای شەخسی**

ئێمە داتای شەخسیی تۆ هەتا ئەو کاتە هەڵدەگرین کە پێویستە بۆ ئەو مەبەستەی کە سەرەتا بۆی کۆ کراوەتەوە. ئەگەر ئەم زانیاریانە ئیتر پێویست نەبن بۆ ئەو مەبەستەی کە سەرەتا بۆی کۆکراونەتەوە، ئێمە هەموو داتای شەخسیی ئەلەکترۆنیی تۆ بە شێوەیەکی پارێزراو دەسڕینەوە، و هەروەها هەر کاخەزەکانی داتای شەخسیی تۆ بە شێوەیەکی بێمەترسی لە ناو دەبەین، بێجگە لەوەی کە بۆ پابەندبوون بە ئەرکە یاساییەکانمان پێویستە.

7. **مافەکان و بەڕیارەکانی تۆ لەبارەی پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت**

هەرکات بتەوێت دەتوانیت کۆتایی بهێنیت بە کەڵکوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی SMG و بەم شێوە کۆتایی بهێنیت بە بەشداریکردنت لە ڕاپرسیەکان.

ئەگەر تۆ لە شوێنێک دەژیت کە یاساکان یان ڕێساکان مافەی ئەوەت پێ دەدەن داوای ئەنجامدانی هەندێ کار سەبارەت بە داتای شەخسیت بکەیت، تۆ ئەو مافانەت هەیە کە ئەمجۆرە یاسا و ڕێسایانە بە تۆیان داوە، کە ڕەنگە بیرتی بێت لە مافی داوای دەستپێگەیشتن کردن و ڕاستکردنەوە (بۆ نموونە گۆڕین یان تەواوکردن) یان سڕینەوەی داتای شەخسیت، مافی گواستنەوەی داتات (بۆ نموونە، توانای گواستنەوەی داتا)، دانانی سنوور بۆ پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت، و هەروەها مافی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت، مافی پاشگەزبوونەوە لە ڕەزامەندیت، مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەکاونتەکەت، و مافی تۆمارکردنی سکاڵا لای دەسەڵاتێکی چاودێری. هەموو ئەم داواکاریانە بەپێی ئەو چوارچێوانەی کە لەنێو یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکاندا دیاریکراون جێبەجێ دەکرێن.

ئەگەر تۆ لە ناوچەی یەکیەتیی ئەورووپی دەژیت، بەپێی ڕێسای گشتیی پاراستنی داتا ئەم مافانەت هەیە: مافی داوای دەستپێگەیشتن و ڕاستکردنەوە یان سڕینەوەی داتای شەخسیت، مافی لەگەڵ خۆ بردنی داتا، مافی دانانی سنوور بۆ پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت، مافی ناڕەزایەتی دەربڕین دژی پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت، مافی پاشگەزبوونەوە لە ڕەزامەندیت، و مافی تۆمارکردنی سکاڵا لای دەسەڵاتێکی چاودێری. ئەگەر لە دەرەوەی یەکیەتیی ئەورووپا دەژیت، هەروەها بەپێی یاسای خۆجێیی ڕەنگە هەندێ مافی بابەتی داتات هەبێت.

بۆ پێشکەشکردنی ئەم جۆرە داواکاریانە، پەیوەندی بکە بە بەرپرسی پاراستنی داتای ئێمە، لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیل بۆ privacyofficer@smg.com یان ناردنی نامە بۆ Data Protection Officer, Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108.

### 8. کاریگەری و دەرئەنجامەکانی پێنەدانی داتای شەخسی

هەرچەند بەشداریکردن لە ڕاپرسیەکانی ئێمە دڵخوازە، ئەگەر هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپرسیەکەدا داوا دەکرێت نەدەیت، ڕەنگە شیاو نەبیت بۆ هەندێ پاداشت و خەڵات و سوودمەندی.

### 9. سیاسەتی کووکی

#### 9.1. کووکی چیە

SMG و دابینکەرانی خزمەتگوزاری ئێمە هەندێ فایلی تێکستی بچووک بە کار دەهێنن کە پێی دەوترێت کووکی. **"کووکی"** هەندێ فایلی کۆمپیۆتەریی بچووکن کە دەنێردرێن بۆ وێبگەڕ یان هارد درایڤی کۆمپیۆتەر، ئامێری مۆبایل یان تەبلێتی تۆ یان لەم شوێنانەوە پەیوەندییان پێوە دەکرێت، ئەم فایلانە هەندێ زانیارییان تێدا یە لەبارەی کۆمپیۆتەرەکەت، بۆ نموونە پێناسەی بەکارهێنەر، ڕێکخستنەکانی بەکارهێنەر، مێژووی وێبگەڕان، و ئەو کار و چالاکیانەی کە لە ماوەی بەکارهێنانی خزمەتەکاندا ئەنجام دراون. کووکی ئاساییانە ناوی ئەو دۆمەینە (ئەو شوێنە ئینتەرنێتیە) کە کووکیەکەی لێوە هاتووە، «ماوەی تەمەن»ی کووکیەکە (واتە کەی بەسەر دەچێت)، و ژمارەیەکی تایبەت یان ناسێنەرێکی تێدایە کە بە شێوەی ڕەمەکی دروست دەکرێت. کووکی ڕەنگە پەیوەست ببێت بە داتای شەخسیەوە.

#### 9.2. ئێمە چۆن کووکی و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا بە کار دەهێنین

کووکی یارمەتیمان دەدات لەبارەی شێوازی گەڕان و چالاکیی تۆ زانیاری کۆ بکەینەوە و بەپێی ئەزموونت خزمەتگوزارییەکانی SMGـت بۆ ڕێک بخەین و بەمە خزمەتگوزارییەکانی SMG باشتر بکەین. ئەمە توانایی ئەوەمان پێ دەدات کە زانیاریە تەکنیکیەکان و زانیاریەکانی گەڕان لەبارەی خزمەتگوزارییەکانی SMG لێک بدەینەوە و یارمەتیمان دەدات کە حاڵەتەکانی فڕوفێڵ و ساختەکاری بدۆزینەوە و ڕێگەی لێبگرین.

ئێمە هەروەها کووکی و ئامرازەکانی تری کۆکردنەوەی داتا (وەکوو وێب‌بەیکن و تۆماری سێرڤەر)، کە بە هەموویان دەڵێین **«ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا»**، بە کار دەهێنین بۆ ئەوەی ئەزموونی تۆ لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی SMG باشتر بکەین - بۆ نموونە، لە ڕێگەی وەبیرهێنانەوەی تۆ کاتێک دووبارە سەردانمان دەکەیت، و هەڵبژاردنی ئەو ناوەرۆکانەی کە زۆرتر پەیوەندییان بە تووە هەیە.

هەروەها ڕەنگە خزمەتگوزارییەکانی SMG ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا بە کار بهێنن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەو ئامێرەی کە بە کاری دەهێنێت بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی SMG، بۆ نموونە جۆری سیستەمی کارپێکردن، جۆری وێبگەڕ، دۆمەین، و ڕێککردنەکانی تری سیستەم، و هەروەها زمانی سیستەمەکەت و ئەو وڵات و ناوچە جوگرافیی هاوکات کە ئامێرەکەتی لێهەڵکەوتووە.

#### 9.3. کۆنترۆڵی تۆ بە سەر کووکیەکاندا

وێبگەڕەکان ڕێگەت پێ دەدەن لە ڕێگەی ڕێککردنەکانی وێبگەڕەوە تا ڕادەیەک زۆربەی کووکیەکان کۆنترۆڵ بکەیت. هەندێ لە وێبگەڕەکان (لەوانە وێبگەڕی مۆبایل) هەندێ ڕێککردنیان هەیە کە ڕێگەت پێ دەدەن کووکی قەبووڵ نەکەیت یان کاتێک کووکی لەسەر کۆمپیۆتەر، تەبلێت یان ئامێری مۆبایلی تۆ دادەنرێت ئاگادارت دەکەنەوە. ڕەنگە بتوانیت بە گۆڕینی هەندێ ڕێککردنی ئامێرە مۆبایلەکەت، ڕێگە بگریت لە دانانی ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ناسینەوەی ئامێری مۆبایل. ئەگەرچی تۆ ناچار نیت کووکیەکانی SMG یان ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی ناسینەوەی ئامێری مۆبایل قەبووڵ بکەیت، ئەگەر بلۆک یان ڕەتیان بکەیت، ڕەنگە دەستت نەگات بە هەموو ئەو ئامراز و ئیمکاناتەی کە لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی SMG-ەوە دابین دەکرێن. هەروەها، ئەگەر تۆ لە ناوچەیەک بژیت کە لەوێ پێویست بێت ئێمە ڕەزامەندیی تۆ وەربگرین بۆ بەکارهێنانی کووکی لەسەر ماڵپەڕەکانمان و ئەپەکانمان، ئەوا دەتوانیت بە دڵی خۆت بەکارهێنان یان نەهێنانی کووکی لەسەر ئەو ماڵپەڕ و ئەپانە کۆنترۆڵ بکەیت؛ بێجگە لەو جێگانەی کە هەندێ کووکیی ئەساسی پێویستن بۆ ئەوەی ئەم جۆرە سایت و ئەپانە کار بکەن و ناکرێت تۆ ناچالاکیان بکەیت.

### 10. بەڕێوەبردنی زانیاریەکانی ئەکاونتەکەت

تۆ دەتوانیت لە خزمەتگوزاری پەیوەندیداری SMGدا سەردانی بەشی ئەکاونت بکەیت بۆ ئەوەی هەڵەکانی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە لەبارەی تۆ هەمانە ڕاست بکەیتەوە. ئەگەر پرسیارت هەیە لەبارەی چۆنیەتی دەستپێگەیشتن یان ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی نێو داتای شەخسیت، پەیوەندی بکە بە بەرپرسی پاراستنی داتای ئێمەوە، لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیل بۆ privacyofficer@smg.com یان ناردنی نامە بۆ Data Protection Officer, Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108.

**11. سیاسەتی پاراستنی نهێنییەکانی منداڵان**

بەردەنگی خزمەتگوزارییەکانی SMG خەڵکی ئاسایین و ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە منداڵن و تەمەنیان کەمترە لەوەی کە بتوانن ڕەزامەندی بدەن بۆ پرۆسێسکردنی داتای شەخسییان لە هەر ناوچەیەک کە ئێمە لەوێ کار دەکەین. ئێمە ئەنقسەت و ئاگاهانە هیچ داتایەکی شەخسی لەم کەسانە وەرناگرین یان لەبارەیانەوە کۆ ناکەینەوە. ئەگەر دەزانیت کەسێک منداڵە و تەمەنی کەمترە لەوەی کە بتوانێت ڕەزامەندی بدات بۆ پرۆسێسکردنی داتای شەخسیی خۆی، و بێ ڕەزامەندیی باوکی یان دایکی، داتای شەخسیی خۆی داوە بە ئێمە، پەیوەندی بکە بە بەرپرسی پاراستنی داتای ئێمەوە، لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیل بۆ privacyofficer@smg.com یان ناردنی نامە بۆ Data Protection Officer, Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108. ئەگەر ئێمە بزانین کەسێک منداڵە و تەمەنی کەمترە لەوەی کە بتوانێت ڕەزامەندی بدات بۆ پرۆسێسکردنی داتای شەخسیی خۆی، و بێ ڕەزامەندیی باوکی یان دایکی، داتای شەخسیی خۆی داوە بە ئێمە، بە زووترین کات، هەنگاوی پێویست هەڵدەگرین بۆ لابردنی ئەو زانیاریانە و سڕینەوەی ئەکاونتی منداڵەکە.

**12. لینکی خزمەتگوزارییەکانی لایەنی سێیەم**

لە خزمەتگوزارییەکانی SMGدا ڕەنگە لینکی هەندێ ماڵپەڕ و خزمەتگوزاری لایەنی سێیەم (“**خزمەتگوزارییەکانی لایەنی سێیەم**”) هەبن کە SMG هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نیە. هەبوونی لینکی هەر خزمەتگوزارییەکی لایەنی سێیەم بە واتای ئەوە نیە کە ئێمە پەسەندی ئەو لایەنە دەکەین یان گەرەنتیی کوالیتی و دروستی ئەو زانیاریانە دەکەین کە لەو لینکەدا پێشکەش کراون. ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت کە سەردانی خزمەتگوزاری لایەنی سێیەم بکەیت، ڕێساکانی نێو سیاسەتی پاراستنی نهێنیی ئەو لایەنە بۆ تۆ بە کار دەهێنرێت، نەک ڕێساکانی نێو ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە.

**13. پاراستنی زانیاری**

SMG بەرنامەیەکی ئاسایشی زانیاریی هەیە کە هەندێ هەنگاوی تەکنیکی، فیزیکی، و ڕێکخراوەیی جێبەجێ دەکات بۆ پاراستنی ئاسایش و نهێنیەتیی داتای شەخسی؛ پاراستنی داتا لە ئەو هەڕەشە پێشبینیکراوانەی کە مەترسین بۆ سەر نهێنیەتی، ڕێکوپێکی و لەبەردەستبوونی داتای شەخسی؛ و هەروەها پاراستنی داتای شەخسی تۆ لە لەناوچوون، خراپ بەکارهێنان، دەستتێبردن یان لەناوبردنی ڕێگەنەدراو ، و دەستپێگەیشتن یان ئاشکراکردنی ڕێگەنەدراو.

بەڵام، هەرکات کە داتای شەخسی پرۆسێس دەکرێت، مەترسیی ئەوە هەیە کە ئەم داتایە نەمێنێت، خراپ بە کار بهێنرێت، بگۆڕدرێت، هاک بکرێت، بشکێنرێت، و یا لایەنێکی سێیەم بە شێوەیەکی ڕێگەنەدراو دەستی پێی بگات. هیچ سیستەمێک و هیچ گواستنەوەیەکی داتا بە شێوەی ئۆنلاین بەتەواوی بێمەترسی نیە. جیا لەو هەنگاوە تەکنیکی و فیزیکی و ڕێکخراوەییانە کە SMG هەڵیاندەگرێت بۆ پاراستنی داتای شەخسیت، پێویستە خۆشت هەنگاوی ئاسایشی گونجاو هەڵبگریت بۆ پاراستنی داتای شەخسیت. ئەگەر پێتوایە کە ئەکاونتی SMGی تۆ یان هەر زانیاریەک کە تۆ پێمانی دەدەیت چیتر پارێزراو نیە، دەستبەجێ بەرپرسی پاراستنی داتای ئێمە ئاگادار بکەوە و بۆ ئەم مەبەستە ئیمەیل بنێرە بۆ privacyofficer@smg.com یان تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 1-800-764-0439 و بڵێ دەتەوێت لەگەڵ بەرپرسی پاراستنی داتای SMG قسە بکەیت.

**14. لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە جوگرافیەکان و گواستنەوەی داتای شەخسی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر**

SMG لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە خزمەتگوزارییەکانی SMG کۆنترۆڵ دەکات و بەڕێوەیان دەبات. SMG ڕەنگە داتای شەخسیت لە ئەمریکا، بەریتانیا، ژاپۆن یان شوێنێکی تر لە ئاسیا یان لە یەکیەتیی ئەورووپا بگوازێتەوە، هەڵبگرێت و پرۆسێس بکات. پێویستە ئەوە بزانیت کە یاساکانی پاراستنی داتا و پاراستنی نهێنی لە ئەو وڵاتەی کە داتای شەخسیی تۆ دەگوازرێتەوە بۆ ئەوێ، ڕەنگە بە ئەندازەی یاساکانی وڵاتی خۆت گشتگیر نەبن. بۆ نموونە، ئەو داتا شەخسیەی کە دەگوازرێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕەنگە دەسەڵاتدارانی ویلایەتی و فیدراڵ لە ئەمریکا بە شێوەی یاسایی داوای ئەوە بکەن کە دەستیان پێی بگات.

هەرجۆرە گواستنەوەی داتای شەخسی لە ناوچەی ئابووریی ئەوروپا (EEA)ەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بەپێی ڕێکەوتنامەی «قەڵغانی پاراستنی نهێنیی یەکیەتی ئەورووپا و ئەمریکا» ئەنجام دەبێت. SMG بەشداری دەکات و پابەند دەبێت بە بنەماکانی ڕێکەوتنامەی «قەڵغانی پاراستنی نهێنیی یەکیەتی ئەورووپا و ئەمریکا» سەبارەت بە کۆکردنەوە، بەکارهێنان، هاوبەشکردن، و هەڵگرتنی داتای شەخسی لە EEA، بەو شێوەی کە لە بڕوانامەی ئێمە لە پەیوەند لەگەڵ «قەڵغانی پاراستنی نهێنیی یەکیەتی ئەورووپا و ئەمریکا»دا ڕوون کراوەتەوە. [لێرە](#) لیستی قەڵغانی پاراستنی نهێنی ببینە. [لێرە](#) زانیاریی زۆرتر وەربگرە لەبارەی قەڵخانی پاراستنی نهێنی. SMG لە ژێر چاودێریی کۆمیسیۆنی بازرگانیی فیدراڵی ئەمریکادا یە، و ئەگەر داتای شەخسی بدات بە لایەنێکی سێیەم و ئەو لایەنە بە شێوەیەک داتاکە پرۆسێس بکات کە لەگەڵ بنەماکانی قەڵغانی پاراستنی نهێنی نەگونجێت، SMG لێی بەرپرسیار دەبێت، مەگەر SMG بیسەلمێنێت کە بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیار نیە لە ئەو ڕووداوەی کە بووەتە هۆی زیانەکە. هەر گواستنەوەیەکی داتای شەخسی بەم شێوەیە لە دەرەوەی EEA دەبێ بەپێی ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە و هەموو یاسا پەیوەندیدارەکان بێت. ئەگەر لەبارەی پابەندبوون بە قەڵخانی پاراستنی نهێنیی ئێمە سکاڵایەکت هەیە، پەیوەندی بکە بە بەرپرسی پاراستنی داتای

ئێمەوە، لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیل بۆ privacyofficer@smg.com یان ناردنی نامە بۆ Data Protection Officer, Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108. هەروەها، دەتوانیت، بە خۆڕایی، سکاڵاکانت بدەیت بە ئەو ڕێکخراوە سەربەخۆی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان کە ئێمە هەڵمانبژاردووە واتە ئەنجومەنی دادوەری ئەمریکا، و لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا، دەتوانیت پەنا ببەیت بۆ پرۆسەی دادوەری قەڵغانی پاراستنی نهێنی.

ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە بە زمانی ئینگلیزی بەیاننامەی فەرمیی SMG ـە لەبارەی ئەو هەنگاوانەی پاراستنی نهێنی دەیانێتەوە لە پەیوەند لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی SMG. ئەگەر هەرجۆرە لێکنەچوون لەنێوان وەشانی ئینگلیزیی ئەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیە و وەرگێڕانی بە هەر زمانێکی تر هەبێت، ئەم بەڵگە ئینگلیزییە بەڵگەی سەرەکی و پێوەر دەبێت.

هەروەها دەتوانیت، بەخۆڕایی، سکاڵاکەت بدەیت بە ئەو لایەنە سەربەخۆیەی چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان کە هەڵمانبژاردووە، واتە ئەنجومەنی داوەری ئەمریکا (http://go.adr.org/privacyshield.html)، و لە هەندێ حاڵەتدا، دەتوانیت پرۆسەی داوەریی قەڵغانی پاراستنی نهێنی (Privacy Shield) بە کار بهێنیت.

**15. چۆن پەیوەندیمان پێوە بکەیت**

ئەگەر لەبارەی پاراستنی نهێنی هەر پرسیارێکت هەیە، یان پێویستت بە یارمەتی هەیە بۆ دەستپێگەیشتن یان نوێکردنەوەی داتای شەخسیت یان ئەگەر هەر سکاڵایەکت هەیە سەبارەت بە پرۆسێسکردنی داتای شەخسیت، لە ڕێگەی ناونیشانی ئیمەیلی privacyofficer@smg.com پەیوەندی بکە بە بەرپرسی پاراستنی داتای ئێمە.

هەروەها دەتوانیت نامەمان بۆ بنێریت بە ناونیشانی:

Service Management Group, LLC
Attn: Data Protection Officer
1737 McGee Street
Kansas City, MO 64108

Service Management Group, Ltd.
Attn: Data Protection Officer
38-40 The Maltings
St Albans
Hertfordshire AL1 3HL
UNITED KINGDOM

Service Management Group G.K.
Attn: Data Protection Officer
2-7-16 No. 3 Komoriya Building 9F
Hamamatsu-cho, Minato-ku
Tokyo 1050013, Japan

**16. کۆنترۆڵکەری داتا و بەرپرسی پاراستنی داتا**

ئەو داتا شەخسیەی کە SMG کۆی دەکاتەوە، لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم ڕێکخراوەدا یە: Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108. دەتوانیت پەیوەندی بە بەرپرسی پاراستنی داتاوە بکەیت، لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیل بۆ privacyofficer@smg.com یان ناردنی نامە بۆ Data Protection Officer, Service Management Group, LLC, 1737 McGee Street, Kansas City, MO 64108.